

# فرۆکەکانی تورکیا

# به سەرشۆڕی گەڕانەوە





نەوت یان مافی مرۆڤ

رۆژی یەکشەمە ، فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا چیای قەندیل یان بۆمباباران کرد و بووە هۆی تێکدانی ئاسایشی ناوچەکەو زەرەوزیانی گیانیشی لێکەوتەوە . خەونی گەورەی سەربازەکانی تورکیا ، لەناوبردنی پێشمەرگەکانی [پ . ک . ک] یە. کاتی خۆشی ، خەونی سەدام حسێن [1937/4/28 ـ 2006/12/30]و رژێمەکەی لەناوبردنی پێشمەرگەی چیاکانی هەندرێن و سەفین و زوزگ و هەڵگورد...هتد بوو . کەچی خەونەکەی سەدام بووە لەناوچوونی خۆی و دارودەستەکەی . رۆژی یەکمی جەژنی قوربان رۆژی لە سێدارەدانی ئەو تاوانبارەیە و گەلی کوردیش سەربەرزانە ماوەتەوە و ژیانی سەرفرازی بەرێ دەکات .جارەکی تر دەیڵێمەوە، ئەگەر کوردەکان لە شارە گەورەکانی تورکیا ڕاپەڕن و خۆپیشاندان بکەن ، سەری رژێمەکەی رەجەب تەیب ئەردوگان [1954/2/26] و سەرلەشکر محەمەد یەشار بویوکانیت [1940/9/1] شۆڕ دەکەن و خەونەکانیان دەبێتە خەونی سەدام حسێن و جیهان بەدەنگی داواکاری یەکانی خەڵکی کوردستان دێن . ئەو هەموو هاوارە بەو دەستبەخوێنانە کپ ناکرێت ئەگەر ڕاپەڕین سەرتاسەری بێت و خەڵک لەخۆی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی

کردەوەکانی ئەو دەسەڵاتە فاشیەی تورکیا ریسوابکات . شەرمە بۆ لەشکری ئەمریکا کە دەبێتە چاوساغ بۆ فرۆکەکانی تورکیا و زانیاری دەداتە ئەو رژێمە ، هەتا ناوچەی کوردستانی عێراق بۆمباباران بکات .عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی لەلایەن لەشکری ئەمریکا و لەشکری بەناو {هاوپەیمانان} داگیرکراوە و بە پەیمانێکی نەتەوەیەکگرتوەکان دان بەو داگیرکراوە نراوە و عێراق سەربەخۆ نی یە . سەرلەشکری هێزی ئەمریکا لە عێراق ، لە مامجەلال و مالیکی و کاک مەسعود زیاتر دەسەڵاتیان هەیە و بالیوزی ئەمریکا لە بەغدا دەسەڵاتدارترە لە ئەندامانی پەرلەمانی هەرێم و عێراق .بە گوێرەیی یاسایی عێراق وڵاتێکی داگیرکراوە ، جاچۆن ئەمریکا رووی دێت فرۆکەی تورکی زەوی داگیرکراوی ژێر دەستی بۆمباباران بکات . دەسەڵاتداری کورد دەبێ چاک بزانی ئەمریکا بەرژەوەندی خۆی بە چاوە رەشەکانی گریلاکانی ناوچیا و کوردەکانی هەرێمی کوردستان ناگۆڕیتەوە و تورکیا ئەندامی ناتۆیە و هەردەم کورەئازیزەکەی ئەمریکا بووە و هەر بۆ ئەمریکا وەفادارتردەبێت لە کورد ، بۆیە دەبێ کوردەکان زیاتر پێ لەجەرگی ئەمریکا دابگرن بۆ ئەوەی بەرژەوەندی کوردستان رەچاو بکرێت و هیچی تر ئەو خاکە داگیرکراوە رەزیلتر نەکرێت . دەبێت لەلایەکی تریشەوە بە بیر ئەوروپیەکان بهێنرێتەوە کە لەشکرو سەرباز نابێت دەست لەسیاسەت وەربدەن و بەکەیفی خۆیان بۆمبابەسەر خەڵکی گوند و چیا ببارێن و داوای بوونە ئەندامیش لەهەمانکاتدا بکەن .ئەو گاڵتەکردنە بە یەکێتی ئەوروپا نابێت بە ئاسانی تورکیا لێی رزگاربێت . دەبێت لێپرسینەوە لەگەڵ تورکیا بکرێت و مافی کوردەکان رەچاو بکرێت ئەگەر بێت و یەکێتی ئەوروپا ریز لەمافی مرۆڤ دەگرێت . شەڕی کوردەکانی تورکیا شەڕی تێرۆر نی یە شەرێکە بۆ هێنانەدی مافی گەلێکی ژێر دەستەیە .ئەو دەنگانەی ناو پەڕلەمانی تورکیا بۆ ئەوەی چارەسەری مەسەلەی کورد لە کوردستانی تورکیا بکات دەبێت بکەوێتە

بەرگوێی خەڵکی و هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی تورکیا بکەوێتە ژێر فشار و دان بە مافەڕەواکانی کوردستان بنێت . کۆندەلیزا رایز [1954/11/14]ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گووتی ، ئەمریکا و تورکیا و عێراق هاو دەنگن بۆ ئەوەی چالاکی یەکانی پ.ک.ک رابگیرێت لە [باشووری رۆژهەلات]ی تورکیا کە بارەگاکانی لە [باکووری]عێراقە و لەویێ وە هێرش دەبات بۆ ناو خاکی تورکیا . رایزی وەزیری ئەمریکا ، ئەگەر دەیەویت دڵسۆزی خۆی بۆ مامجەلال و کاک مەسعود و مالیکی نیشان بدات و سەرووەری عێراق و کوردستان لەبەرچاوبگرێت دەبێت هەوڵبدات چارەسەری گەورەترین مەسەلەی ناوچەکەوجیهان بکات ، کە نەبوونی مافی کوردە. دەبێت داوا لە تورکیای هاودڵسۆزی بکات کە چارەسەری مەسەلەی کوردەکان بکات و مافی یان دابین بکات بۆ ئەوەی ئارامی ناوچەکە بگرێتەوە و دووربێت لە شەڕ و ئاژاوە ،

**فەهد گردەوانی2007/12/19 ستۆکهۆڵم**